# خوشکەکەم
# چۆن پرسیار دەکەی سەبارەت بە ئایینەکەت ؟

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وم والاه، وبعد:

بەڵێ هەموومان دەزانین کە شارەزا بوون لە ئایینەکەمان، و گەڕان و پرسیار کردن دەربارەی شتێکی پێویستە، و کارێکی گرنگە، چونکە پێشەوایانی ئێمە کە ئافرەتانی صەحابەنﷺ، داوای ئەوەیان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە ڕۆژێکیان بۆ دیاری بکات ـ هەروەکو لە فەرموودەی ( صحيح )دا هاتووە ـ بۆ ئەوەی تێیدا ئامۆژگاریان بکات، و بە هۆیەوە شارەزای ئایینەکەیان بن .

وە گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم کارە کارێکی چاك و دروستە ـ مەبەستم: پرسیار کردنە سەبارەت بە ئایین بۆ شارەزا بوون لێی ـ هەروەکو دایکی بڕواداران فەرموویەتی: (نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الأَنْصَارِ لَمْ يَمْنَعْهُنَّ الْحَيَاءُ [ أن يسألن عن الدين ] وَأَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ)[1] .واتە: باشترین ئافرەت ئافرەتانی ئەنصارە شەرم و حەیا وای لێ نەدەکردن کە ڕێگر بێت لە شارەزا بوونیان لە ئاداب و ئەحکامەکانی ئایینەکەیان، وپرسیار کردنیان سەبارەت بە ئایین .

یان پێشینە فەرموویانە: دوو جۆرە کەس هەن فێری زانیاری نابن، شەرمن، و خۆبەزل زان .

پاشان خوشکەکانم ئەوەش بزانن کە خوای پەروەردگار فەرمانمان پێ دەکات بەوەی کە ئەگەر شتێکمان نەزانی ئەوا پرسیار بکەین لە زانایان و مامۆستایانی ئایینەکەمان، هەروەك فەرموویەتی: ﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾[2] .واتە: پرسیار لە زانایان ومۆستایانی ئایینی بکەن، ئەگەر شتێکتان نەزانی .

وە پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: (أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا، فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ)[3] .واتە: خۆ پرسیاریان بکردایە کە نەیانزانی، بەڕاستی چارەسەری نەزانی پرسیار کردنە . هەروەها بزانە

---

(1) (رواه البخاري ومسلم، والزيادة عند أبي داود، وحسنه العلامة الألباني في: صحيح سنن أبي داود، برقم: 316، و في: صحيح سنن ابن ماجه، برقم: 642) .

(2) (النحل: 43) .

(3) (حسنه العلامة الألباني في: صحيح سنن أبي داود، برقم: 336) .

خوشکی موسڵمانم: کە پێویستە لەسەر من و تۆش لە کاتی پرسیار کردنەکانماندا، هەندیك ئاداب و سنور ڕەچاو بکەین، کە ئەمەی خوارەوە هەندێك ئامۆژگاری ورێنماییە لەو بارەیەوە کە پەیوەستە بە ئاداب و شێوازی پرسیار کردن، بەڵکو خوای پەروەردگار من و تۆشی پێ سوودمەند بکات:

**یەکەم**: پێویستە لە سەرت پرسیار لەو مامۆستایانە بکەی کە خاوەن زانیارین، و بەدوایدا دەگەڕێن، ئەوانەی کە ناسراون بەوەی کە خاوەن زانیاری دروست و ڕەسەنن، و خاوەن بیروباوەڕێکی دروست سەلامەتن، و پەیڕەو ومەنهەجیشیان ڕوون و ئاشکرایە لەسەر پەیڕەو ومەنهەجی پێشینە و سەلەفی ئەم ئوممەتەن، نەك لە هەموو کەسێکی بەناو مامۆستا و خۆشوبهێنەر بە زانایان .

وە ئەو ووتەیەی پێشەوا (ابن سيرين) ت لەیاد بێت کە فەرموویەتی: (**إن هذا الأمر دين، فانظروا عمَّن تأخذون دينكم**) .واتە: ئەوەی کە ئێوە لە سەرین ئایینە، جا بزانن و بڕوانن لە کێوە ئایینەکەتان وەر دەگرن؟!

جا خوشکەکەم نەکەی ئایینەکەت بکەیتە بووکە شووشەی دەستی ئەم و ئەو، و هەر کەس بەناوی ئایینەوە هاتە سەر ڕادیۆیەك یان ئیزاعە و کەناڵێك پرسیاری ئاراستە بکەی، چونکە هەموو کەسێك شایستەی ئەوە نییە کە تۆ ئایینی لێ وەرگریت .

**دووەم**: سنووری پرسیارەکەت دیاری بکە و باسی چیرۆکی ژیانی خۆت بۆ مامۆستاکە باس مەکە، بۆیە پێش ئەوەی پرسیار بکەی هەوڵ بدە چۆنێتی پرسیارەکەت بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاسان و بەکورتی دیاری بکەی.

بۆیە دەبینین ئەو خۆشکانەی کە ئەم خاڵە ڕەچاو ناکەن زۆربەی جار بە پرسیارەکەیان مامۆستاکە نارەحەت دەکەن، بەوەی کە سەرگوزشتەی ژیانی خۆیانی بۆ باس دەکەن لە پرسیارەکەیاندا، ئاشکراشە ئەو کارە شتێکی ناقۆڵایە وپێویست نییە .

**سێیەم**: با شێوازی پرسیارەکەت جدیەتی پێوە دیار بێت، بەشێوەك ڕوون و ئاشکرا بێت، هیچ ناز و درێژە دادڕیەکی تێدا نەبێت، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ **فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ**

الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴾[4]. واتە: ناز و مەکر مەکەن لـە کـاتی قسـەکردنتاندا، چـونکە ڕەنگە ئەو کەسەی کە نەخۆشـی لـە دڵدا هـەبێت کاریگـەر ببێـت بـە ووتـەکانتان، و شـتێکی لـە دڵدا دروست بێت بەرامبەرتان، با ووتەکەشتان ووتەیەکی عادەتی بێت .

پێشەکی بە سەلام کردن دەست پێ بکە وپاشان ڕاستەوخۆ پرسیارەکەت ئاراستەی مامۆسـتاکە بکـە، نەوەك ئـەوەی کـە مامۆسـتایەك دەگێڕێتـەوە جارێکیـان خوشـکێك تەلـەفونی بـۆ دەکـات بـۆ ئـەوەی پرسیاری لێ بکات، و پێی ووت: مامۆستا تەلەفونم بۆ کـردی پـێش ماوەیـەك، وەڵامـت نـەبوو! ئـەوە خێر بوو؟! مامۆستاکەش دەڵێت پیم ووت: ئەو کاتە نەخۆش بووم، ئەویش ووتی: ئەی خۆ ڕۆشـتووی بۆ لای دکتۆر؟ ... وە بەم شێوە تاکو چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی .

جا تەماشای حاڵی ئەم خوشکە موسڵمانە بکەن، خۆ لەوانەشە مەبەستی خێر بێت لە پرسیارەکەی لـە حـاڵی مامۆسـتاکە و ڕۆشـتن یـان نەڕۆشـتنی بـۆ لای دکتـۆر .... هتـد، بـەڵام بـۆ وەهـا؟! یەکسـەر پرسیارەکەت بکە، و ئەوەش بزانە کە هیچ تاوانبـار نابیـت لـە لای خـوای پـەروەردگار ئەگـەر پرسـیار نەکەی لە حاڵی مامۆستا، وە ئەوەش بزانە کە ئەو مامۆسـتایەش کـە تـۆ پرسـیاری ئاراسـتە دەکـەیت مرۆڤە و قابیلە بە هەڵە و کاریگەر بوون بـە ووتـەکانت، هـەروەکو پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی: (كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءٌ .... )[5]. واتە: هەموو مرۆڤێك لە نەوەکانی ئادەم دەکەوێتە هەڵەوە .... هتد .

وە فەرموویەتی: (إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنِ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ ....)[6]. واتـە: شـەیتان بـە نـاو لەشـی نەوەکانی ئادەمدا دەسوڕێتەوە هەروەکو چۆن خوێن بەناو لەشیاندا دەسووڕێتەوە ... هتد .

ووتەش کاریگەری خۆی هەیە و، تۆش کارێك مەکە هەستی بەرامبـەر بـە ووتـەکانت ببزوێنیـت، خـوای پەروەردگار یارمەتی دەری من و تۆش بێت بۆ ڕاستیەکان، و پارێزەریشمان بێت لە هـەموو خراپەیـەك .

(4) (الأحزاب: 32) .
(5) (حسنه العلامة الألباني في: صحيح ابن ماجه، برقم: 4251، و في: صحيح الجامع الصغير، برقم: 4515) .
(6) (رواه البخاري) .

**چوارەم:** ئەگەر دەكرێت ودەتوانیت باشتر وایە پرسیارەكە بدەی بە مێردەكەت، یان براكەت، یان كوڕەكەت، ئەوان لە جیاتی تۆ پرسیارەكە ئاراستەی مامۆستاكە بكەن، بەڵام ئەگەر نەكرا و نەبوو، یان ئەوانە لە ماڵ نەبوون، ئەوا بە خۆت پرسیارەكە بكە، و هیچ دوو ڕایی دڵە ڕاوكێی لێ مەكە .

**پێنجەم:** ئەگەر هەر شتێكت لە بارەی ئایینەكەتەوە لە لا ئاشكرا نەبوو، و نەتزانی، ئەوا دوو ڕا و دڵە ڕاوكێت نەبێت لە پرسیار كردندا، با پرسیارەكەش هەندێك جێگەی شەرم بێت لە لات، وە بۆ ئەمەش هەموو جارێك بیر لەو فەرمانەی خوای پەروەردگار بكەوە كە فەرموویەتی: ﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾[7]. یان پرسیارەكەی (أم سليم) یادی خۆت بخەرەوە كە لە پێغەمبەری خوا ﷺ كردی، و فەرمووی: (إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ، فَهَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا احْتَلَمَتْ؟)[8]0 واتە: خوای پەروەردگار شەرم ناكات لە خستنە ڕووی حەق، ئایا ئەگەر ئافرەت لەشی گران بوو غوسڵی دەكەوێتە سەر؟

وە ئەگەر هەر لە ڕووت نەهات كە خۆت ڕاستەوخۆ پرسیارەكە ئاراستەی مامۆستاكە بكەی، ئەوا پرسیارەكەت بە شێوەیەكی جوان دیاری بكە و بیدە بە یەكێك لە دەستە خۆشكەكانت، و بەباشی تێی بگەیەنە لە پرسیارەكەت، بۆ ئەوەی پرسیارەكەت بەجوانی ئاراستەی مامۆستاكە بكات، و پاشان وەڵامەكەی بە تەواوی لێ وەرگرە، یان ئەگەر لە كۆڕێك یان وانەیەكی مامۆستاكەت بووی پرسیارەكەی بۆ بنووسە لە ناو پارچە كاغەزێك، و بۆی بنێرە بۆ ئەوەی وەڵامت بداتەوە، یان لە ڕێگەی ئەو سایتانەی كە شوێنی متمانەن و مامۆستایانی متمانە پێكراو سەرپەرشتی دەكەن پرسیارەكەت ئاراستەیان بكە.

**شەشەم:** هەوڵی ئەوە بدە پێشتر هەموو پرسیارەكانت لە پەڕەیەكدا كۆ بكەیتەوە، چونكە چەندەها پرسیار هەن بەمێشكدا دێن، بەڵام بەهۆی نەنووسینیان لە یاد دەچن، هەرچەندە هەوڵیش بدرێت بیر ناكەونەوە .

---

(7) (النحل: 43) .

(8) متفق عليه .

**حەوتەم:** کاتێکی گونجا و شیاو هەڵبـژێره بـۆ خـۆت و بـۆ مامۆسـتاکەش کـە پرسـیارەکەتی ئاراسـتە دەکەی، کاتی گونجاو و شیاو بە نیسبەت خۆتەوە ئەو کاتەیە کـە ژاوە ژاو و زیقـە زیقـی منـداڵی تێـدا نەبێت، وە ئەو کاتەش کە گونجاوە بە نیسبەت مامۆستاکەوە کاتێکی بەرەبەیانی زوو نەبێت کە کـاتی خەوتنـە، و درەنـگ وەختـیش نـەبێت کـە کـاتی نووسـتن و پشـووی مامۆسـتاکەیە، و کـاتی نـان خواردنەکانیش نەبێت، یان کاتی ئەنجام دانی نوێژەکان نـەبێت کـە مامۆسـتاکە لـە نوێـژی جەماعـەت دەبێت .

**هەشتەم:** وە ئەگەر ئافرەتێکیش هەبێت کە ناسـراو بێـت بـە زانسـتی شـەرعی و چـاك وەڵام دانـەوەی پرسیارەکان، و شارەزایی هەبێت لە ئایین ئەوا پرسیارەکە ئاراستەی ئـەو بکـە پـێش ئـەوەی پرسـیارەکەت ئاراستەی پیاوان بکەی .

**نۆیەم:** وریای شوێنکەوتنی ئارەزووەکانـت بیـت لـە پرسـیارەکانتدا، بـۆ نموونـە نەکـەی بڵێیـت: پرسـیار لـە مامۆستا فلانە کەس دەکەم، چونکە ئەو نەرم و نیان ترە ! یان پرسیار ناکەم لە فلانـە مامۆسـتا چـونکە زۆر توند و تیژە لە وەڵامەکانیدا ! !

یان بڵێیت: جارێکی تـر پرسـیار دەکەمـەوە، چـونکە مامۆسـتای یەکـەم وەڵامێکـی تونـدی پـێ داوم، بـەڵکو وەڵامێکی نەرم تر بدرێمەوە، ئەمەش لـەلای زانایـان پـێی دەووترێـت ( تتبع الرخص )، واتـە: بـەدوا گـەڕانی ڕووخسەت و هەڵە و ئاسانکاری مامۆستایانی ئایینی[9] .

چونکە ئەم کارەت پێچەوانەی ئەو خاڵەیە کە دەبێـت پرسـیارەکان ئاراسـتەی ئـەو مامۆسـتایانە بکرێـت کـە زانیاری شەرعیان هەیە وبـەوە ناسـراون، یـان بـەدوای زانسـتی شـەرعیدا دەگـەڕێن، و بـەوە نەناسـراون کـە شوێنکەوتەی ئارەزووەکانیان بن، سەلامەتن لە ڕووی پەیڕەو و مەنهەجیانەوە .

**دەیەم:** بەجوانی و بەباشی لە وەڵامی مامۆسـتاکە تێبگـە، و ئەگـەر تێنەگەیشـتی ئـەوا داوای ئـەوە بکـە لـە مامۆستاکە وەڵامەکەت بۆ دووبارە بکاتەوە، چونکە ئەو کارە ئایینە و پێویستە لـە ئایینەکـەت بـەجوانی تـێ بگەیت و حاڵی ببی .

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان لە فیتنە و ئاشـووب و هەڵـە بپارێزێـت، و وامـان لێ بکات شوێنکەوتەی ئارەزووەکانمان نەبین، و ئەم ووتانەشمان لـە تـەرازووی چاکەکاریەکانمان بـژمێرێت، لـە

---

(9) بۆ زیاتر ئاشکرا بوون لەم بابەتە بڕوانەی نووسراوی: ( پیادەکردنی موسڵمانان بۆ ڕووخسەت، لـە نێـوان حەقیقـەتی ڕووخسـەت، و شوێنکەوتنی ئارەزووەکانیان / ئامادەکردنی: مامۆستا عدنان بارام ) کە لە ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بە نرخەدا بڵاوکراوەتەوە.

هەڵەشمان ببورێت، مەبەست هەر ئەوە و هەر ئەویشە وەڵام دەرەوەی بەندەکانی، و پارێزەریشیانە لە هەڵـە و تاوان .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

وەرگێڕانی بەدەستکاریەوە

**دایکی سوننە**

سایتی فەرموودە

هەمیشە ڕاستگۆیی

**www.fermude.com**